هەموو جومگەیەک لە جومگەکانی لاشەی مرۆڤ خێرێکی لەسەرە

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەموو جومگەیەک لە جومگەکانی لاشەی مرۆڤ خێرێکی لەسەرە، هەموو ڕۆژێک: ئاشتەوایی بکەیت لە نێوان دوو کەسدا؛ ئەمە خێرە، ویارمەتی کەسێک بدەیت بۆ ئەوەی خۆی یان شتومەکەکانی بخاتە سەر ئاژەڵەکەی؛ خێرە، دەربڕینی وتەی جوان وشیرین؛ خێرە، وهەر هەنگاوێك دەینێیت بەرەو نوێژ (لە مزگەوت)؛ خێرە، وهەر ناڕەحەتی وئاستەنگییەک لادەدەیت لەسەر ڕێگاوبان؛ خێرە».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه البخاري ومسلم]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە هەموو مسوڵمانێك کە ئەرکە شەرعیەکانی لەسەر واجبە دەبێت بەرامبەر هەر جومگەیەك لە جومگەکانی لاشەی خێری سونەت بکات لەپێناو خوای گەورە -سبحانه وتعالى-، ئەمیش بۆ دەربڕینی سوپاسگوزاری لەسەر لەش ساغبوونی، و لەسەر ئەوەی دەتوانێت جومگەکانی گرژ وخاو بکاتەوە، ئەم خێرکردنە بە هەموو کارە چاکەکان دێتە دی، ونەوەستاوە تەنها لەسەر بەخشینی پارە، لەوانەیش: ناوبژیوان وپێکهێنانەوەی ئەوانەی ناکۆکن لە نێو یەکدا خەیر وچاکەیە یارمەتیدانی ئەو کەسەی ناتوانێت بچێتە سەر سواریەکەی یان ناتوانێت شتومەکانی بخاتە سەر سواریەکەی ؛ خێرە وچاکەیە قسەی جوان وشیرین لە زیکر ونزا کردن وسەلامکردن وهتد ؛ خێرە وچاکەیە هەموو هەنگاوێك دەینێت بەرەو مزگەوت ؛ خێرە وچاکەیە لابردنی شتی ئازاردەر لەسەر ڕێگاوبانەکان ؛ خێرە وچاکەیە

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66527